# چەند سەرنجێک لەسەر بەرگی دووەمی دیوانی عەونی

سامی قادر
(کۆیە)




بەرگی دووەم – چاپی یەکەمی دیوانی عوسمان حەبیب عەبدوڵڵا (عەونی – ١٩١٤ – ١٩٩٢)ی شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد، لە دووتوێی بەرگێکی نایاب لە شاری هەولێر بە (٢٨٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە، لە پێشەکییەک بۆ مێژوو و پێنج بەش و لیستێک بەناوی ئەو هونەرمەندانەی شیعرەکانی (عەونی)یان بە گۆرانی چڕیوە، بڵاوبووەتەوە.

بەندە لە خوێندنەوەی دیوانەکە جگە لەو شیعرانەی لە ڕۆژنامەکانی (ژیان) و (ژین) بڵاوبوونەتەوە کە لەبەر وردی کۆپییەکان، نەمتوانی بیانخوێنمەوە، تەنیا لەسەر ئەو شیعرانەی کە کۆپی کەشکۆڵەکەی گیو موکریانی و ئەرشیفی مامۆستا ڕەفیق حیلمی و ئۆرجینالێکی ژمارە (٦٨)ی ساڵی دووەمی ٢٢ی نیسانی ١٩٥٢ی ڕۆژنامەی هەولێر و دەستخەتی شاعیر خۆی دەوەستم، لە خوێندنەوەی شیعرەکاندا چەند سەرنجێکم لەلادروست بوو کە لە خوارەوە بەگوێرەی لاپەڕەکانیان ئاماژەیان پێ دەدەم، بەهیوام بەهەڵەدا نەچووبم و توانیبێتم خزمەتێکم بە ڕەوانشاد (عەونی)و شەیدایانی شیعری کوردی گەیاندبێ

ل٧٧

**ڕۆی ئەمەلی شادی، لەبەر میحنەت و ئازار**

**(یای) ڕۆی، دەبێ بەدوو یا بنووسرێت.**

**ڕۆیی ئەمەلی شادی، لەبەر میحنەت و ئازار.** ل٨١

تەخمیسی غەزەلێکی زەبیحی (شێخ ئیسماعیل شێخ ئەحمەد بەرزنجی) لە عەجزی غەزەلی زەبیحی نووسراوە

١- سینگی دووکانی عەتار و پڕ لە نارنج و بەیە

من دیوانی ناوبراوم لەبەردەستدا نییە، ئاخۆ لەناو دیوانەکەدا بەم شێوەیە نووسراوە، یان نەخێر، بەڵام لە وێنەی دەستخەتی عەونی خۆی کە لە لاپەڕە (٨٠) دانراوە بەیتە شیعرەکە بەم شێوەیەیە.

**سینگی وەک دووکانی عەتار و پڕ لە نارنج و بەیە.**

٢- لە هەمان تەخمیسدا لە بەیتی سێ هاتووە،

**چین و ماچین هاتنە سەر ڕۆم، هێندە دوورە بێ شمار**

لە دەقی دەستخەتی عەونی بەم شێوەیەیە.

**چین و ماچین هاتنە سەر ڕۆم، هێندە زۆرە، بێ شومار.**

دەبێ ڕاستییەکەش هەر پیتی (زۆر) بێت نەک دوور، چونکە دوای ئەو شومار بەکارهاتووە، کە بۆ پێوانەی دوو شوێن، دووری بەکار دەبرێت، بەڵام بۆ ژمارە (زۆر) بەکار دەبرێت.

لاپەڕە ٩٢ – بەیتی دووەم:

**پێم خۆشە مەماتم بەنەزەر زیللەتی ژینم**
**زۆر سەهوە تەمای ڕوحمێ لە دڵدارە هەناوم**

ڕاستتر وایە تەمای ڕوحم (بەخشندەیی) بێت بەم شێوەیە.

**پێم خۆشە مەماتم بەنەزەر زیللەتی ژینم**
**زۆر سەهوە تەمای (ڕوحمی) لە دڵدارە هەناوم**

بەیتی چوارەم:

**مەنعی مەکە پەروانەی دڵ بێ پەڕ و باڵە**
**سووتاوی چیای لالەیی ڕوخسارە هەناوم.**

پیتی (چیا) هەڵەیە لە دەستنووسی شاعیریشدا(ضیاء) هاتووە، واتە ڕۆشنایی و ڕووناکی.

**مەنعی مەکە پەروانەی دڵ بێ پەڕ و باڵە**
**سووتاوی زیایی لالەیی ڕوخسارە هەناوم**

بەمانای ناخم بە گەرمی و ڕووناکی ڕوخساری سووتاوە.

ل ٩٥ پێنج خشتەکی (ئارەزووی دیدەنی یار ) بەیتی:

**وا شکستی داوە بۆمەی دیدەنی خوماری گوڵ**
**حوسنی شام و سیحری بولبول بێ بەئینتیزاری گوڵ.**

ئەم دێڕە لەگەڵ دەستنووسی شاعیر بەهەڵە خوێندراوەتەوە، دەبێ دێڕەکە وا

بخوێنرێتەوە:

**وا شکستی داوە بۆ مەی دیدەیی خوماری گوڵ**

**حەسحەسە شام و سەحەر بولبول بەئینتیزاری گوڵ.**

واتە بولبول ئێوارە و بەیانی چاودێر و پاسەوانە بە چاوەڕوانی گوڵ.

ل٩٩ ئەم چاوە جوانەت

**ئەسراری نیهانیم بووە زاهیر بە حەیانی**

**دووری لە بەشەر، گەر موڵکی باغی جینانی**

**یاخۆ بەچیا بەدری، بەقەد سەروی ڕەوانی،**

لە دێڕی یەکەم، دەبێ وشەی حەیانی بە ( عەیانی) (واتە ئاشکرا) بنووسرێت، چونکە مادام نهێنی شاراوەیە، دەبێ عەیانی بۆ بەکاربهێنرێت و لە دەستخەتی شاعیریش هەر بەعەیانی دەخوێنرێتەوە.

لە دێری دووەم، دەبێ مولک بە(مەلەک)، واتە فریشتە بنووسرێت، چونکە دووری لە بەشەر بەمانای ئەوە دێت کە لە چینی بەشەر نییە.

**دووری لە بەشەر گەر مەلەکی باغی جینانی.**

لە دێڕی سێیەم، ڕاستییەکەی وەک لە دەستنووسی شاعیردا هاتووە، دەبێ بنووسرێ یاخۆ بەزیا بەدەری، بەقەد سەروی ڕەوانی، واتە شیعرەکە وا دەخوێنرێتەوە.

**ئەسراری نیهانیم بووە زاهیر بەعەیانی**

**دووری لە بەشەر گەر مەلەکی باغی جینانی**

**یاخۆ بەزیا بەدری، بەقەد سەروی ڕەوانی**

واتە بە ڕووناکی مانگی چواردەی، بە باڵاش وەک داری سەروو بڵند و بەرزی.

لاپەڕە ١٠٠

**موڵکی دڵەکەم ماتەمی هێناوە خەمۆشە**

**جارێکی بە من نیمەلی نازت بفرۆشە.**

ڕاستی وەک لە دەستنووسی شاعیردا هاتووە دەبێ وا بخوێنرێتەوە:

**مولکی دڵەکەم ماتەمی هێناوە خەمۆشە**

**جارێکی بەمن نیمەیی نازت بفرۆشە.**

واتە هەرتاقە جارێک نەک هەموو نازەکەت، بەڵکو نیوەیم پێ بفرۆشە.

ل ١٠٣ (ناسحی بێ دین )

**عوشاقی تۆ مەحسوبە بەڕەندانی خەرابات**

**هەڵبگرە لەڕوو، پەردەی عالەم والە.**

دەبێ ئەم بەیتە بەگوێرەی دەستخەتی شاعیر، بەم شێوەیە ڕاست بکرێتەوە، پێم وابێت هەڵەی چاپە.

**هەڵبگرە لەڕوو، پەردەو عالەم بکە واڵا**

بەڵام بۆ ئاهەنگی شیعر و کێشەکەی، ئەگەر وا بخوێنرێتەوە لەسەر زمان ڕەوانتر دەبێ.

**عوشاقی تۆ مەحسوبە بە ڕەندانی خەرابات**

**هەڵبگرە لەڕوو پەردە، بۆ عالەم بکە واڵا**

ل١٠٥ (ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم)

ئەم شیعرە پڕ لە جۆشوخرۆشەی (عەونی شاعیری دڵسۆزی نەتەوەیی، لە ناوەڕاستی سییەکان) دایناوە، دیوانی عەونی، چاپی دووەم، ٢٠١١، لاپەڕە ١٣

لە چاپی دووەمی دیوانی عەونی هۆنراوەکە لە لاپەڕە ٦٥- ٦٦ بە (١٦) بەیت بڵاوکراوەتەوەو لە پەراوێزی لاپەڕە (٦٦) نووسراوە ئەم هۆنراوەیە لە کاتی خۆیدا بزربووە، دوایی لە ساڵی ١٩٨٥دا بەهۆی برادەرێکی شیعر دۆستی شاعیر چنگی کەوتووەتەوە.

لە بەرگی دووەمی دیوانی (عەونی) لە پەراوێزی لاپەڕە (١٠٥)دا نووسراوە، ئەم شیعرە لە چاپی یەکەم و دووەمی دیوانی (عەونی)دا هەیە، بەڵام لە دوکیۆمێنتەکاندا جیاوازییەکی هەیە، بۆیە جارێکی تر بڵاومان کردەوە.

جیاوازی لە نێوان هەردوو شوێن: ئەم هۆنراوەیە لەم بەرگەدا بە (١٠) بەیت بڵاوبووەتەوە.

١

**ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان ئەکەم**

**قەتڵوعامی تورکەکان و غارەتی ئێران ئەکەم**

بەرگی دووەم

**ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم**

**قەتڵ و عامی حاکمانی تورکیا و ئێران دەکەم**

چاپی دووەم

جیاوازی لە هەردوو چاپەکە لەوەدایە (ئەکەم) کراوە بە(دەکەم)

٢

**چونکە دوو قەومی زاڵم خوێنی کوردیان زۆر ڕژاند**

**دوژمنی خاک و وڵاتم پەرت و سەرگەردان ئەکەم**

بەرگی دووەم ل١٠٥

**چونکە ئەم دوو چینی زاڵم خوێنی کوردیان زۆر ڕژاند**

**دوژمنی خاک و وڵاتم پەرت و سەرگەردان دەکەم**

چاپی دووەم ل٦٥

٣

**هەروەکو ڕۆستەم لە مەیدانی نەبەردا ڕۆژ و شەو**

**حازر و ئامادە دوژمن وەک هەدەف نیشانەکەم**

بەرگی دووەم ل١٠٥

لە هەدەف نیشانەکەم، لە دەستخەتدا هاتووە وەک هەدەف نیشانە ئەکەم، ئەم بەیتە لە چاپی دووەمی دیوانی عەونی وا نییە

٤

**گەر خودا دەستم بدا فرسەت ببێ ئەمڕۆ و سبەی**

**من بە جارێ ناوی جەنگی چوار تەرەف ئیعلان ئەکەم**

بەرگی دووەم ل١٠٥

٥

**هێندە داخ دارم لە دوژمن من مەیلی خوێنخواریم هەیە**

**باعیسی بێ دەستیە وا ڕازی دڵ پەنهان ئەکەم**

٦

**کوردە ئەمڕۆ یەکێتی پێویستە بۆ قەومی هەژار.**

**تێبگەن من بۆچی دایم ناڵە و گریان ئەکەم.**
٧
**وا لەرێی، پێشکەوتنی خاکم دەکەم کەسبی فنون.**
**من کە نووری عیلم و عیرفان پەرتی سەر کێوان ئەکەم**
٨
**عەسکەر و جەیش و سپاهت بێنە مەیدانی وەغی**
**زووبەزوو بەیداغی نەسرەت نەسبی سەر کێوان ئەکەم**
ئەم پێنج بەیتە، واتە (٤. ٥. ٦. ٧. ٨) لە چاپی دووەمی دیوانی عەونی دا نییە.
٩
**ناکەسێک نیم بۆ مەتالیب من لە روویی لافەوە**
**ئیرسی خۆمە، بەڵکو داوای دەوڵەتی ساسان ئەکەم**
بەرگی دووەم ل١٠٥
ئەم بەیتە لە چاپی دووەم ل٦٥ (٣)یەمە بەم شێوەیە
**ناکەسێک نیم بۆ مەتالیب من لەرووی لافەوە**
**ئیرسی خۆمە، بەڵکو داوای دەوڵەتی ساسان دەکەم**
چاپی دووەم ل٦٥
١٠
**خزمە گوێ بگرن لە پەندم (عەونی) زۆر بێ چارەیە**
**من تەئەسف نەک لە بۆ خۆم، بەڵکو بۆ کوردان ئەکەم**
بەرگی دووەم ل١٠٥
ئەم بەیتە بووەتە دوا بەیتی چاپی دووەمیش بەم شێوەیە
**خزمە و گوێ بگرن لە بەندە (عەونی) زۆر بێ چارەیە**
**من گرینم نەک لە بۆ خۆم، بەڵکو بۆ کوردان دەکەم**
چاپی دووەم - ل٦٦
لەچاپی دووەمی دیوانی (عەونی)دا بەیتەکانی (٤. ٥. ٦. ٧) بەم شێوەیە:
**من لە رێگای سەربەخۆیی خاک و رزگاری گەلم**
**گیانی خۆم و قەوم و خۆیشانم هەمووی قوربان دەکەم**
ل٦٥ چاپی دووەم
٥
**چیم بە ئاشوور کرد لە کاتی خۆی بەڵێن بێ هەروەها**
**تەخت و بەختی دوژمنانی کورد بەخاک یەکسان دەکەم**
ل٦٥ چاپی دووەم
٦
**هەر کەسێک بێت و لە هەر لا خوێنی کوردی رشتبێ**
**خۆم بە شوێنیدا دەرۆم خانەی بەسەر وێران دەکەم**
ل٦٥ چاپی دووەم
٧
**گیان بەختکردن لە رێگای نیشتیمان پێویستیە**
**من کە کوردم پەیرەوی فەرمایشی یەزدان دەکەم.**
ل٦٥ چاپی دووەم
ل١٠٧ (عەونی) وەک (حاجی) دوعا گۆتانە
بەیتی ٢
**رووی زەوی چیا لەبەر گوڵی سوور**
**دڵ ئەرفێنێ لە نزیک و دوور**
وشەی زەوی لەم دێڕە (سەوزی) یەو دێڕەکە وادەخوێنرێتەوە.
**رووی سەوزی چیا لەبەر گوڵی سوور**
**دڵ ئەرفێنێ لە نزیک و دوور**
بەیتی ٩
**رۆژێکی دادێ منداڵانی کورد**
**هەڵبستنە سەرپێ ئازا و دەست و برد**
وشەی دادێ، دەبێ پیتی (ت)ی بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە:
**رۆژێکی دادێت منداڵانی کورد**
**هەڵبستنە سەرپێ ئازاو دەستو برد**
ل١١١ یادی حاجی قادری کۆیی
بەیتی (٣)
**حاجی ئەو رۆژە گوتت هاوارە**
**رۆژێک هەموو کورد دەبن ئاوارە**
وشەی (رۆژە) دەبێ پیتی (ی)ی بۆ زیاد بکرێت. بەم شێوەیە
**حاجی ئەو رۆژەی گوتت هاوارە**
**رۆژێک هەموو کورد دەبن ئاوارە**
ل ١١٣ (یادی چاوجوان)
بەیتی (٣)
**بەتیرەی غەمزەت چاوەکەم بریندارم**
**گەردن پڕ ئاشووبە لە ئاه و هاوارم**
بەگوێرەی دەستخەتی شاعیر ڕاستییەکەی ئاوایە:
**بەتیرەی غەمزەت چاوەکەم بریندارم**
**گەردوون پڕ ئاشوبە لە ئاه و هاوارم.**
بێ گومان هەردەبێ گەردوون لە ئاهو ناڵە و هاوار پڕ لە شەڕ و شۆڕ ببێ، نەک گەردن.
بەیتی (٥)
**ئەی شۆخی چاوەمەست، ئەی قیبلەی دڵ و دینم**
**ڕوحمێ بکە جانە دووبارە بتبینم**
(جانە) هەڵەی تایپ کردنە، ڕاستییەکەی (جانا) یە
**ئەی شۆخی چاوەمەست، ئەی قیبلەی دڵ و دینم**
**ڕوحمێ بکە جانا دووبارە بتبینم.**
ل١١٧ جەژنی قوربانە
ئەم شیعرە ٧ دێڕە، لە کەشکۆڵی مامۆستا (گیو) دیتراوەتەوە، هەمان شیعر لە چاپی دووەمی دیوانی عەونی لاپەڕە (٢٦٠) لەژێر سەردێڕی (قوربان وەرە) لەوێش بە (٧)دێڕ بڵاو کراوەتەوە، جیاوازی نێوانیان تەنیا (سێ بەیتە) لە هەردوو چاپەکان لەیەک دەچن، ئەوانی تر جیاوازن، سەرەتا شەنوکەوی بەرگی دووەم دەکەم بەدەستنیشان کردنی جیاوازی لەگەڵ کۆپی ئەو لاپەڕەیەی لە کەشکۆڵکەی مامۆستا (گیو)دا هاتووە.
**١-قوربان وەرە ئەم جەژنەیی قوربانە ئەگەرچێ**
**ئەم هیجرەت و گریان و جەفادانە لەسەرچی**
لە کەشکۆڵەکە ئاوا هاتووە:
**قوربان وەرە ئەم جەژنەیی قوربانە لەسەرچێ**
**ئەم هیجرەت و گریان و جەفادانە لەسەرچێ.**
(چێ)ی کۆتایی بەیتەکە (سەدر و عجز)ـە کە هەڵەی چاپە، ڕاستییەکەی (چی) یە و هەردوو نیشانەی پرسیارەکەش لادەچێ
**٢- زولفەینی سیاهت لە ڕۆخت هاتە**

**تەماشا**
**نزیکە فەرەنگ بێت و لەبۆ کەشفی قەمەرچێ**
ڕاستییەکەی ئاوایە:
**دوو زولفی سیاهت لە ڕوخت هاتە تەماشا**
**نیزیکە فەرەنگ بێت و لەبۆ کەشفی قەمەرچی.**
**٣- ڕووت شەمعی شەبستانە لەبت خونچەی بوستان**
**سووتانی من و ناڵەیی بولبول لە سەحەر چێ**
ڕاستییەکەی:
**ڕووت شەمعی شەبستانە لەبت خونچەی دەردان**
**سووتانی من و ناڵەیی بولبول لە سەحەرچی.**
**٤- بەم حاڵ شەکەربارە، شەکەر باوی نەماوە**
**مەیلێ بکە قوربان کە ڕەواجی بەشەکەرچێ**
ڕاستییەکەی:
**بەم حاڵە شەکربارە، شەکەرباوی نەماوە**
**لوتفی بکە قوربان کە ڕەواجی بەشەکەرچی**
**٥- بادەی کەرەم و ساغیری عیشرەت مەیی فەرموو**
**تاکو لە دڵا عیجز و خەفەتباری بەسەرچێ**
ڕاستییەکەی:
**بادەی کەرەم و ساغیری عیشرەت بدە ساقی.**
**تاکو لە دڵا عیجز و خەفەتباری بەسەر چی**
**٦- دڵ غەرقە لە دەریای سروشکم بە هەموو دەم**
**جانا وەرە نزیکە کە ڕوحم لە خەتەرچێ**
ڕاستییەکەی:
**دڵ غەرقە لە دەریای سروشکم بەهەموو دەم**
**یەعنی وەرە نزیکە کە ڕوحم لە خەتەرچی.**
**٧- تەرکی نەزەری بادەیی مەستان بکە (عەونی)**
**دووچاری ئەبێ چاهی زەلالەت بەنەزەرچێ**
ڕاستییەکەی:
**تەرکی نەزەری بادەیی مەستان بکە (عەونی)**
**دووچاری ئەبێ چاهی زەلالەت بەنەزەرچی.**
لەچاپی دووەمی دیوانی (عەونی) دا لە لاپەڕە (٢٦٠)، شیعرەکە بەم جۆرەیە.
**١- قوربان وەرە ئەم جەژنە قوربانە ئەگەرچی**
**ئەم زەحمەت و ئازار و جەفادانە لەسەرچی.**
جیاوازی عجزی بەیتەکە لە بەرگی دووەم (هیجرەت) هاتووەو لێرەدا بووەتە زەحمەت.
**٢- گەردەم کوژی بەم چاوە بلێ فورسەتە ئیمڕۆ**
**نەک ڕۆژێ لە پەنهانەوە خوێنم بەهەدەرچی**
ئەم بەیتە لە بەرگی دووەمدا نییە.
**٣- ڕەنگین کە بەخوێنم وەرە دەی پەنجەیی ئاڵت**
**شایستە لە جەژنا بتەوێ گەر بە سەفەرچی**
ئەم بەیتە لە بەرگی دووەمدا نییە.
**٤- دوو زولفی سیاهت کە لەڕووت هاتە تەماشا**
**نیزیکە فەرەنگ بێت و لە بۆ کەشفی قەمەرچی**
ئەم بەیتە لە بەرگی دووەمدا، بەیتی دووەمە جیاوازییەکەشی لەوێدا لە سەدری بەشەکە نووسراوە (زولفەینی) کە بەهەڵە خوێندنەوەی کەشکۆڵەکەی مامۆستا (گیو)ـە و پێشتر لە دێڕی دووەم ڕاستم کردبووەوە.
**٥- ئاهی منی دێوانە لەگەڵ بولبولی شەیدا**
**پڕ سۆزە ئەگەربێ لە موناجاتی سەحەرچی**
**٦- مەقسەد نییە گەر کوشتنی من بۆچی لەدولا**
**سەف بەستە و ئامادەیە ئیعلانی بەشەرچی**
ئەم دوو بەیتەش لەبەرگی دووەمدا نین.
**٧- تەرکی نەزەری بادەیی مەستانەکە(عەونی)**
**دووچاری دەبێ چاهی زەلالەت بەنەزەرچی.**
ئەم بەیتە لە بەرگی دووەمیش هەر دوا بەیتی شیعرەکەیە و جیاوازیەکەشم لەگەڵ کەشکۆڵەکە ڕوون کردووەتەوە.
ل١١٩ (سەد حاتەمی تایی)
بەیتی ١١
**جێی هەر سەرەتیری موژەت خوێنە هەردەجۆشێ**
ڕاستییەکەی:
**جێی هەر سەرەتیری موژەت، خوێنە دەجۆشێ.**
پێدەچێ (هەر)ی پاش خوێن و پێش دەجۆشێ هەڵەی چاپ بێ
ل١٢٥ لە شوێنی چی ئەچی ئەی دڵ
بەیتی دووەم
**وەکو دوینێ مەبە بێباک لە ڕێگای خۆشەویستیدا**
**تەماشای شێوەیی ئیمڕۆ گەلێ گۆڕاوە ئەیزانم**
بەگوێرەی دەستنووسەکەی لە کۆپی لە لاپەڕە (١٢٤) دانراوە
بەیتەکە دەبێ وا بخوێنرێتەوە
**وەکو دوینێ نەبی بێباک لە ڕێگای خۆشەویستیدا**
**تەماشای شێوەیی ئیمڕۆ گەلێ گۆڕاوە ئەیزانم**
ل١٣٧ ئێستە کوردستان
ئەم پارچە شیعرە کۆپی کەشکۆڵی گیو موکریانی و کۆپی ئەرشیفی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە لاپەڕەی ١١٦ لە بەرانبەری دانراوە، ئەوەی کەشکۆڵی گیو ٨ بەیتە و هی ئەرشیفەکەش ٧ بەیت، مامۆستا فەرهاد عەونی کەشکۆڵەکەی کردووەتە بناغە و ٨ بەیتەکەی خستووەتە لاپەڕەی ١٣٧، بەڵام چەندان وردە جیاوازی لە نێوان هەردوو کۆپییەکەدا هەیە کە ئاماژەی پێ دەکەین:
لە بەیتی دووەم:
**میللەتێکی بێ سەعادەت ژیوە تا ئێستا کە کورد.**
**چونکە کوڕ بۆ باوک، برا هەر بۆ برا وەک دوژمنە.**

ئەم بەیتـە لە کـۆپی ئەرشـیـڤـەکـەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی واهاتووە.

**مـیللەتێکی بێ سـەعـادەت ژیوە تا ئێستاکە کورد.**

**چونکە کوڕ بۆ باوک، برا دەرحەق برا وەک دوژمنە.**

بەیتی چوارەم:

**هەر لە عـەسری پازدەمـا عـالەم کـە وریا بوونەوە.**

**ئێـستـا چاخی بیـستـەمـە کورد هەر خەریکی نووستنە**

لە ئەرشیڤەکەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی واهاتووە:

**وا لە عەسری پازدەما عالەم کە وریا بوونەوە**

**ئێستە عـەسری بیستـە کورد هەر خەریکی نووستنە**

بەیتی پێنجەم:

لە ئەرشیڤی مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)دا نییە.

بەیتی شەشەم:

**مردنی ژینە، ئەوەی ناوی لە مێژوودا هەیە.**

**مـــەرتەبەی بەرزە ئەوەی چاوی لە کۆشش کردنە.**

لەئەرشیڤەکەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەم شێوەیە.

**مـــردنی ژینە کـــەسێ ناوی ( لە مێژوو)دا هەبێ**

**مـــەرتەبەی بەرزە ئەوەی چاوی لە کۆشش کردنە**

ل١٢٧

بەیتی سێیەم

**تاماوم دەکەم یادی**

**ئەوی ڕۆژانەی پڕ لە شادی**

بەگوێرەی کۆپی ئەو دەست و خەتەی لە لاپەڕەی بەرانبەریدا هاتووە، ئەم بەیتە ئاوا دەخوێنرێتەوە.

**تا ماوم دەکەم یادی، ئەم ڕۆژانەی پڕ لە شادی**

بەواتای تا لە ژیاندا مابم یادی ئەم ڕۆژە پڕ لە شادیانە دەکەمەوە و لە یادم ناچن.

ل١٣٩

ڕۆژباش گەورانم

بەیتی یەکەم

**ڕۆژباش گەورانم ڕۆژباش برایانم.**

**خۆش بێ خۆش هاتن، بەسەرچاوانم.**

بەگوێرەی ئەوەی لە ڕۆژنامەی هەولێر ژمـارە ٦٨ ی سـاڵی دووەم ٢٢ی نیسانی ١٩٥٣ کە کۆپیەکەی لە لاپەڕە ١٣٨ی بەرانبەری دانراوە، ئەم دێڕە بەم شێوەیە.

**ڕۆژباش گەورانم ڕۆژباش برایانم**

**خۆش بێن، خۆش هاتن بەسەرچاوانم**

بەیتی سێیەم:

**دێینە مەیدانی گشت دوژمنانتان.**

**ئەستێرەی تۆڵەی ڕابردووانتان.**

ئەستێرە هەڵەی چاپە و ڕاستییەکەی وایە.

**دێینە مەیدانی گشت دوژمنانتان.**

**ئەستێنین تۆڵەی ڕابردووانتان.**

ل١٤٥ دڵ لە من تۆراوە

بەیتی سێیەم

**بەڕێز پەرچەمی چین چین هێنایە دەوری ڕوومەتی**

**گەنجی ڕوخساری هەمیشە جووتێ پاسداری دەوێ**

هەڵەیەکی چاپ کەوتووەتەوە (سەدر)ی بەیتەکە و ڕاستییەکەی بەگوێرەی دەست و خەتی شاعیر کە کۆپیەکەی لە لاپەڕە ١٤٤دایە بەم شێوەیە.

**بەرچەمی چین چین بەڕێز هێنایە دەوری ڕوومەتی**

**گەنجی ڕوخساری هەمیشە جووتێ پاسداری دەوێ**

ل١٥٣ کچەکوردێک

بەیتی سێیەم

**وەک خاتوزینی دڵ بەخەم**

**دەیکەم بەدیاری بۆ سەرگۆڕی مەم**

بەگوێرەی کۆپییەکەی لە لاپەڕە (١٥٢)ی بەرانبەری دانراوە)، ئەم دێڕە وا دەخوێنرێتەوە.

**وەکو خاتون زینی شۆخ و دڵ بەخەم**

**دەیکەم بەدیاری بۆ سەرگۆڕی مەم**

ل١٥٥ قوربان بەیتی سێیەم

**ئالوودەیەک ئەم پەنجـەیە زیوینە بەخوێنم**

پیتی (ک)ی دوای ئالوودەیە زیادەیە و هەڵەی چاپە.

ئەگینا شیعرەکە بەم شێوەیە:

**ئالوودەیە ئەم پەنجەیە زیوینە بەخوێنم**

**قـوربان کـە سـبـەی جـەژنی قـوربـانە دەزانم**

ل١٦١

لەخەوما

بەیتی یەکەم

**لەخەوما چاوەکانی تۆ لە خەوما**

**وەکـو بەخـتی ڕەشی منی هەر لە خەوما**

پیتی (ی)ی دوای (من) هەڵەی چاپە، بەیتەکە ئاوایە

**لەخەوما چاوەکانی تۆ لە خەوما**

**وەکو بەختی ڕەشی من هەر لە خەوما**

ل١٦٥

**خدایە بیەخشی تاوان**

بەیتی پێنجەم

**ئەمە مێژووی مەرگی لە کوردی بڵێ**

**خدایە بیەخشی تاوان**

(لە) هەڵەی چاپە و ڕاستییەکەی (بە)یە بەم شێوەیە

**ئەمە مێژووی مەرگی، بە کوردی بڵێ**

**خدایە بیەخشی تاوان**

* لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ٢٠١٨ برای خامە ڕەنگین بەڕێز فەرهاد عەونی بەرگی دووەمی دیوانی عەونی لە ڕێی خەمخۆری شارەکە حاکم ئاراس بۆ ناردم، وێڕای سوپاس و پێزانینم بۆ ئەم زاتە خۆشەویستە کە پێشتر دیوانی عەونی - چاپی دووەم، ٢٠١١ و سەرجەم نووسین و بەرهەمەکانی خۆشی بۆ ناردووم کە هەر هەمووشیان لەسەر ئەرکی خۆی چاپی کردوون، دەڵێم دەستی ماندوونەناسانەت بەگەرمی دەگوشم و خامەکەت بە بڕشت بێ کە جارێکی تریش دڵی ئێمە و هەوادارانی شیعری کوردیت ڕووناک و ئاسوودە کردەوە.

**سەرچاوە:**

**- دیوانی عەونی بەرگی دووەم، شیعر و بابەتی تازە دۆزراوەی شاعیر، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی فەرهاد عەونی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨**

**- دیوانی عەونی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١١، لەسەر ئەرکی فەرهاد عەونی چاپ کراوە، لەگەڵ پێداچوونەوەو ڕێکخستنی.**